

" چیتر موراعاتی

پارتی و یەکێتی ناکەین "

## هادی عەلی سەرۆکی شورای یەکگرتوو

# دان بەوەدا دەنێین کە لە ئاستی چاوەڕوانی جەماوەردا نەبوین و نەمانتوانیوە رۆڵی موعارەزەبوونی خۆمان وەکو پێویست ببینین

**بۆچی یەکگرتووی ئیسلامی تا ئێستا نەبووەتە موعـارەزە ؟ ئایـا یـەکگرتوو لەباریـدا نییـە ببێتـە ئۆپۆزسیۆنی جـددی یـان "بارودۆخی  کوردستان لەم رووەوە کامڵ نییە " ئەو پاساوەی حیزبەکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی هەمیشە دوپاتی دەکەنەوە ؟ بۆ قسەکردن لەسەر ئەگەری موعـارەزەبوونی یـەکگرتوو و چـەندین تـەوەرەی وەك گەنـدەڵی ئیـداری و پێکهـاتنی حکومـەت و هەڵوێستی نێی یەکگرتوو دەربارەی پرۆسە کوردستانییەکان، ئەم دیدارەمان لەگەڵ بەڕێز (هـادی عـەلی) کەسـی دووەمـی نـاو یەکگرتوو و سەرۆکی شورای ناوەندی یەکگرتوو سازدا.**

دیداری لڤین - هەولێر

**لڤین: با لەو پرسیارەوە دەست پێبکەین یەکگرتوو موعارەزەیە یان دەسەلاٌت؟**

هادی عەلی: یەکگرتوو ئەوە هیچ بەشێك نییە لە دەسەلاٌت، چونکە بەبڕوای من دەسەلاٌت بریتییە لە بڕیاری سیاسی لەگەڵ مەسەلە ئەمنییەکان و مەسەلە داراییەکان، ئەو بوارانە پاوانکراوە لە نێوان پارتی و یەکێتیدا، حیزبەکانی تر کە بەشداربوون لە حکومەت لەوبوارە گرنگانەدا بەشدار نەکراون، لەبەرئەوە بەشداری ئێمە بەشداربوون نییە لە دەسەلاٌت، بەڵکو بەشدارییە لە بەڕێوەبردنی کاروباری حکومەت.

**لڤین: دوشت هەیە، یان دەبێت موعارەزەبیت و لە دەرەوەبیت، یان لە دەسەلاٌتدابیت و بەشداری بکەیت؟**

هادی عەلی: ئەوەڕاستە، حیزبی سیاسی دەبێت یان لە دەسەلاٌتدا بێت، یان لە دەرەوەی دەسەلاٌت بێت، بەلاٌم لە سالاٌنی ڕابردوو ئێمە لەبەرئەوەی کە لە پەرلەمان نەبووین و ئەندامان نەبوو، لەبەرئەوە لە دەورەی یەکەمدا ئێمە بەشێك نەبووین لە پەرلەمان، لەساڵی (1996) بەدواوە بەشداریمان کرد لە ئیدارەی هەولێر، ئەوکاتە تەنها وەکو وەزیرێکی هەرێم ، لە (2005/1/30) کە هەڵبژاردنکرا هەموولایەك ئومێدمان ئەوەبوو کە ئەو پەرلەمانە نوێیە هەلومەرجێکی نوێ بێنێتە کایەوە و هەلومەرجی سیاسی هەرێمی کوردستان ڕۆشن ببێتەوە، ئەو حیزبەی کە لە دەسەلاٌتە دیاربێت و ئەوەیش کە موعارەزەیە بتوانێت بەکاری موعارەزەبوونی خۆی هەستێت، بەلاٌم بەداخەوە لەدوای (14) مانگ تێپەڕبوون، بەسەر هەڵبژاردنی ئەو پەرلەمانەدا کە ئێمە بەشێکین تیایدا، تا ئێستا نەتوانراوە هەلومەرجێکی وا بێتە پێشەوە بتوانیت بڵێیت ئەو حیزبە حیزبی دەسەلاٌتە و ئەو حیزبانەی تریش لە چوارچێوەی موعارەزەدان.

**لڤین: بەلاٌم ئێستا ئێوە لە حکومەتدان و وەزیرتان هەیە، ئەو بەشدارییە چۆن دەنرخێنیت، ئەو بەشدارییە بەشدارییەکی ڕەمزییە یان فیعلی؟**

هادی عەلی: بەشدارییە لە حکومەت، بەلاٌم بەشداری نییە لە دەسەلاٌت بەمانا ڕاستەقینەکەی.

**لڤین: ئەمە چ جۆرە مۆدیلێکە بەشداری لە حکومەت بەشداری نەبێت لە دەسەلاٌت؟**

هادی عەلی: دەسەلاٌت بریتییە لە بڕیارە سیاسییەکان، کەلە هەرێمی کوردستاندا تایبەتە بەپارتی و یەکێتی.

**لڤین: لە قسەکانتدا وا دەردەکەوێت کە لە وەزعی موعارەزە بون دڵنیا نەبن لە کوردستاندا، بۆیە لە نێوانی موعارەزەبوون و موعارەزەنەبووندا خۆتان هێشتۆتەوە؟**

هادی عەلی: خۆی ئەوە دیارە هەلومەرجی کوردستان هەلومەرجێکی ڕۆشن نییە لە ڕووی یاسایی و ئیداری و حکومەتدارییەوە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، نە دەوڵەتە، دەوڵەتێکی مەعلوم بێت، پاشان حیزب و حکومەت لە هەردوو دەڤەر تێکەڵبووە، واتە پرۆسەی سیاسی بەمانا ڕاستەقینەکەی خۆی کە ئەوەی لە حکومەتدایە حکومەتداری بکات و ئەوەی موعارەزەیە موعارەزەبێت ئەو هەلومەرجە تائێستا لە هەرێمی کوردستان نەڕەخساوە.

**لڤین: ئێوە هەست ناکەن کەمتەرخەمبوون لە ئەدای موعارەزەبوونتاندا؟**

هادی عەلی: دان بەوەدا دەنێین کە لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتییەی کە ڕووی تێکردووین و چاوەڕێمان لێکراوە لەلایەن جەماوەرەوە نەبوین و نەمانتوانیوە ڕۆڵی موعارەزەبوونی خۆمان وەکو پێویست ببینین، ئەوە هەقیقەتە.

**لڤین: خۆ ساغنەکردنەوەی ئێوە لە نێوان موعارەزەبوون یان دەسەلاٌتدا، هۆکارێك نییە بۆئەوەی پێتان بوترێت بە دەستێك لەگەڵمانن و بە دەستێك دوژمنمانن؟**

هادی عەلی: (بە پێکەنینەوە) نەخێر ئەو قسەیە ڕاست نییە، ئێمە دڵسۆزی خەڵك و ئەزموونە سیاسییەکەیشین، لەناو دەسەلاٌتدابین یان لە دەرەوەی دەسەلاٌت دڵسۆزی ئەزمونەکەین و ئەمانەوێت بەرەوپێش بڕوات و جێگیربێت.

**لڤین: پێش هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردن چ گۆڕانێك بەسەر ئەدەبیاتی سیاسی ئێوەدا هاتوە ئایا پلانتان هەیە ببنە حیزبێکی موعارەزە؟**

هادی عەلی: لەدوای ئەوەی کە ڕژێم ڕووخا و وەزعی هەرێمی کوردستان لە ڕووی دەستورییەوە چۆتە پێش ئەو مەترسیانەی کە لەوە و پێش لەسەر هەرێم هەبووە ئێستا نەماوە، لەبەرئەوەی جێگەی خۆیەتی لەدوای هەڵبژاردنەکانیساڵی پارەوە هەوڵبدەین پرۆسەی سیاسی پرۆسەیەکی جێگیر بێت کە موعارەزە بتوانێت لە چوارچێوەی پرەنسیپە دیموکراسییەکاندا چاودێری بکات و فشاری زیاتر لەسەر دەسەلاٌت دروست بکات، ئێمەش بەو ئاڕاستەیە هەنگاومان ناوە.

**لڤین: لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە گۆڕانکاری دەبینرێت لە ئەدەبیاتی سیاسی و هەڵوێستی ئێوەدا، هەندێك پێیان وایە ئەم حاڵەتە پەیوەندی بە هەڵکردنی گڵۆپی سەوزەوە هەیە بۆ یەکگرتوو، هەڵکردنی ئەو گڵۆپە سەوزە لەلایەن ئەمریکاوەیە یان لەلایەن ولاٌتانی ئیقلیمییەوە ؟**

هادی عەلی: ئەتوانم بە ڕاشکاوی بڵێم یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان حیزبێکە خاوەنی بڕیاری خۆیەتی، هەر هەڵوێستێك کە یەکگرتوو دەیگرێتەبەر لە چوارچێوەی ستراتیژییەتی خۆی و بەرژەوەندییە بالاٌکانی گەلەکەماندا بووە و هیچ داواکاری ئەملاولا کاریگەری نەبووە لەسەرئەوەی کە ئێمە چ هەڵوێستێك وەردەگرین، بەلاٌم ئەوەیان شاراوە نییە کە دوای ڕووخانی ڕژێم هەلومەرجێکی نوێ لە عێراق و ناوچەکەدا هاتۆتە کایەوە، کە یارمەتی ئەوە دەدات پرۆسەی دیموکراسی لە کوردستاندا بەرەوپێشەوە بڕوات و ئەو حاڵەتە چەق بەستووەی کە لەوەوپێش دەکرایە موبەڕیر ئەو بەهانەیەش نەما، کاتی ئەوەش هاتووە پرۆسەی سیاسی لە کوردستاندا بەرەوپێش بڕوات.

**لڤین: هەندێك پێیان وایە لە حاڵەتی نوێی عێراقدا یەکگرتوو سودمەندە، بەتایبەتی وەکو دەبینین لە بەغدا هێزە ئیسلامییەکان کۆنترڵی حاڵەتی سیاسیان لە دەستدایە و ئەمریکاش موجامەلەی ئەم وتارە دەکات، پێت وانییە بەشێك لە گۆڕانکاری لە هەڵوێستی ئێوە لەمەوە سەرچاوەبگرێت ؟**

هادی عەلی: ئێمە حیزبێکی کوردستانین و بەشێکین لە حاڵەتی سیاسی عێراق لە چوارچێوەی بەشە کوردستانییەکەدا، ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە لە دوای ڕووخانی ڕژێم هاتۆتە کایەوە لە ولاٌتەکەدا هەلومەرجێکی نوێیە و بێگومان کاریگەری هەیە لەسەر بارودۆخەکە و کاریگەری لەسەر هەڵوێستی حیزبە کوردستانییەکان دەکات لەوانەش یەکگرتووی ئیسلامی کە کاری لەسەر شێوەی سیاسەتی ناو هەرێمی کوردستاندا دەبێت.

**لڤین: مادام بارودۆخی سیاسی عێراق بەگشتی گۆڕاوە، وا پێدەچێت بتانەوێت لەمەودوا موجامەلەی یەکێتی و پارتی نەکەن، ئایا ئەوە حەقیقەتە؟**

هادی عەلی: بەڵێ حەقیقەتە، ئێمە ناوی نانێین موجامەلە، پێشتر موراعاتی بارودۆخمان کردووە واشمانزانیوە کە ئەوە لە خزمەتی بارودۆخی گشتی هەرێمەکەدا بووە، بەلاَم لە دوای نەمانی مەترسییەکان ئیتر ئەو موراعاتکردنە پێویست نییە.

**لڤین: لە کاتێکدا هێشتا مەترسی هەیە کە ئەو هێزانەی لە عێراقن لە بەڵێنە پێش وەختەکانیان پەشیمان ببنەوە، ئێوە بۆچی لە سەنگەری بەرهەڵستی مەترسییەکان هاتوونەتە دەرەوە و پێتان وایە مەترسی نەماوە؟**

هادی عەلی: بە پێچەوانەوە، ئێستا مەترسی کوا ماوە،لە دەستوردا ئاستێکی باش لە مافە نەتەوەییەکان جێگیربووە، ئێستا کورد سەنگێکی زۆر بەهێزی هەیە لە بەغدا هیچ هەنگاوێك بەبێ کورد نانرێت، بەلاَم ئەوەی کە مەترسی هەیە بارودۆخە ناوخۆکەیە، لەتبوونی دوو ئیدارەیە، ئێمە ئەبێت دۆخی ناوخۆمان باش بێت، چارەسەری گەندەڵی بکرێت.

**لڤین: باسی گەندەڵیت کرد، ئێوە لە بانگەشەی هەڵبژاردندا بابەتی گەندەڵیتان بەرزکردەوە، بەلاَم لەدوای هەڵبژاردن جۆرێك لە پاشەکشەکردن دەبینرێت لەو بانگەشەیە، ئەمە ئەو بڕوایەی لەلای خەڵکی دروستکردووە کە ئێوە تەنها وەکو دروشم دژی گەندەڵی بوون نەك بە واقیعی بتانەوێت چارەسەری ئەو دیاردەیە بکرێت؟**

هادی عەلی: لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردندا بانگەشە لە هەمووکاتێکی تر گەرموگوڕترە لەهەر کاتێکی تر، لە هەموو دونیادا لەماوەی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن پرۆسەی سیاسی لە هەموو کات زیاترە، ڕاستە لەوکاتەدا بەشێك بووە لە بانگەشەی هەڵبژاردن، بەلاَم بۆ خۆشی مەسەلەیەکی ستراتیژییە و هیچ لایەك نکوڵی لەوە ناکەن کە گەندەڵی گەیشتۆتە ئاستێکی وا کە پێویستە بەرنامەیەکی وای بۆ دابنرێت چارەسەری بکەین.

**لڤین: ڕاگەیاندنی حیزبەکانی تریش ئێوە تۆمەتبار دەکەن بە بوونی گەندەڵی یان بە شەریکی گەندەڵی چ وەکو یەکگرتوو؟ چ وەکو وەزیر و وەزارەتی داد کە بەڕێزتان کەسی یەکەمن تیایدا، باس لەوە دەکرێت کە زۆربەی کارمەندانی ئەو وەزارەتە سەر بە یەکگرتووی ئیسلامین؟**

هادی عەلی: ئەگەر بڵێین بەشی زۆری نەخێر، من کە چوومەتە ئەو وەزارەتە ژمارەی دادوەران لە سنوری ئیدارەی حکومەتی هەرێم ئیدارەی هەولێردا (45) دادوەرمان هەبووە، ئێستا نزیکەی (90) دادوەرمان هەیە تەنها یەك کەسی تێدایە یەکگرتووە، ئەویتری هەمووی یان کەسایەتییەکی سەربەخۆیە یان سەر بە حیزبی دەسەلاَتە، ئەگەر حسابی ئەوە بکرێت ژمارەیەك لە ئەندامانی ئێمە وەکو فەرمانبەر لە دەزگاکانی وەزارەتی داد دامەزرابن، ئەوە مافی هەموو هاولاَتییەکە، ئەگەر ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئەندامانی یەکگرتوو لە وەزارەتی داد بەرچاو بکەون، لەبەرئەوە بووە کە تاکە جێگە بووە کە داوای تەزکییەی حیزبییان لێنەکراوە.

**لڤین: ماوەی چەند ساڵێك بەڕێزتان وەزیری داد بوون، تاچەند توانیوتە وەکو وەزیرێك ئەدای کارەکەی خۆت بکەیت؟ یان بە واتایەکی تر، تا چەندێك بوار ئەدرێت بە وەزیرێکی دەرەوەی حیزبی دەسەلاَت کە مومارەسەی کارەکەی بکات بەبێ دەستێوەردان؟**

هادی عەلی: بەڕاشکاوی بڵێم هەتا هەڵبژاردنەکانی (2005/1/30) کاروباری ئیدارە وائەزانم بەگشتی لە هەرێمدا و بەتایبەتیش لە وەزارەتی داد لە ئاستێکی باشتردا بووە، وەمنیش لەم چوارچێوەیەدا توانیومە ئەرکی سەرشانم وەکو وەزیرێك لەناو وەزارەتی داددا کەتایبەتمەندی خۆی هەیە بەرم بەڕێوە، دوور لە دەستێوەردانێکی ئەو تۆ کە مەترسیداربێت، بەلاَم لە دوای هەڵبژاردنەکانی (2005/1/30)ەوە بەهۆی چاوەڕێکردن بۆ یەکگرتنەوە، ململانێیەکی نادروست لە هەرکاتێکی تر زیاتر لەناو دەزگاکانی حکومەت بەگشتیدا لە نێوان ئەو دووپارتە سەرەکییەدا سەری هەڵداوە کاریگەرییەکی خراپی هەبووە لەسەرهەموودەزگاکانی حکومەت،لەناویشیاندا وەزارەتی داد.

**لڤین: ڕەنگە ئەوە کاریگەری هەبووبێت لەسەر ئەوەی کە بەڕێزتان لە لێدوانەکانی ئەم دواییانەتاندا تووڕەیی و توندییەکی زیاترتان پێو دیاربێت؟**

هادی عەلی: ئەوە کاریگەری هەبووە لەسەرئەوەی کە ناچار بووبم لە ئەنجامی هەندێ کاری نادروستدا هەندێ تەسریحم دابێت.

**لڤین: کاری نادروست وەکو چی؟**

هادی عەلی: دەستێوەردان لە کاروباری وەزارەت، لە کاروباری قەزا، دەستێوەردان لە کاروباری قەزا مەسەلەیەکی زۆر ترسناکە، کەمی وەکو زۆرە.

**لڤین: ماوەیەکە دەبینین کە لێدوانەکانی بەڕێزتان بۆ ڕۆژنامەکانی دەرەوە زۆر توندترن و پێداگیری زیاتریان تێدایە وەکو لەو لێدوانانەی کە بۆ ڕۆژنامەکانی ناوخۆیە، بۆچی دەتەوێت بەدوو زمانی جیاواز قسە بکەیت؟**

هادی عەلی: ئەوە هۆکاری خۆی هەیە چونکە ڕۆژنامەکانی ناوخۆ نەهاتوون، یەخەی من بگرن و پرسیارم لێبکەن تا وەلاَمیان بدەمەوە، بەلاَم پەیامنێرانی دەرەوە لە دوای ڕووداوەکانی بادینان کە لە کاتی هەڵبژادندا ڕوویدا بەرامبەر بارەگاکانی یەکگرتوو، لەدوای ئەوە پەیامنێران کەدێنە کوردستان و چاویان بە ئێمە دەکەوێت، ئەو پرسیارانەی کە ئاڕاستەی دەکەن جیاوازی هەیە لەو پرسیارانەی کە لەوەوبەر ئاڕاستەیان دەکرد، پێشتر کە دەهاتن دەربارەی دەسکەوت و لایەنی ئیجابی هەرێمی کوردستان لە ڕووی سیاسی و خزمەتگوزارییەوە پرسیاریان دەکرد، بەلاَم لە ئێستادا زیاتر پرسیار لەسەر حاڵەتە سلبییەکان دەکەن، بەلاَم ئەوەی کە من تێبینیم کردووە لە دوای ڕووداوەکانی بادینان و دادگایی کەمال سەید قادر و ڕووداوەکانی هەڵەبجە پەیامنێرانی دەرەوە کە دێن زیاتر تەرکیز دەکەنە سەر لایەنی سەلبیات، هەتا من جارێك لە یەکێك لە پەیامنێرەکانم پرسی هۆکاری ئەوە چییە ئێوەجاران ئەوەندە بەرپرسانی حکومەتتان ئیحراج نەئەکرد، وتی"لە دوای ڕووداوەکانی ئەم دوایەی هەرێمی کوردستانەوە ئێستا ڕۆژنامەکانمان داوامان لێدەکەن لایەنە سلبییەکانیش بخەینە ڕوو"

**لڤین: تاچەندێك گەشبینی بەرامبەر حکومەتی یەکگرتووی کوردستان؟ ئایا دەتوانی ئەزموونەکانی پێشوو تێپەڕێنیت؟**

هادی عەلی: ئەوەی کە حکومەتی یەکگرتوو پێکبهێنرێت و حاڵەتی دوو ئیداری نەمێنێت خەون و هیوا و تاوانی هەموو لایەکە، بەلاَم تاچەندێك ئەم دوولایەنە بەم بارودۆخەی ئێستایانەوە بتوانن حکومەتێکی یەکگرتووی سەرکەوتوو پێکبهێنن و ئەو سلبیاتەی کەلە فیفتی بە فیفتی نەوەدەکاندا هەبووە تەجاوزی بکەن کارێکی زەحمەتە، لەگەڵ ئەوەشدا هیوای سەرکەوتن بۆ ئەو حکومەتە دەخوازم .